# لەنێوان سەرۆقادر و عەزیزی مەلای ڕەش دا

## سمکۆ عەبدولکەریم

ڕۆشنبیران وەك توێژێکی کاریگەر لەبواری نوسین و ڕۆژنامەگەری و دەوریان لەنێوەندەکانی ڕاگەیاندن دەمێکە لێرەو لەوێ قسەو باسی لێوەدەکرێ ، ئەوەی وای لیکردم ئەم نووسینە بنووسم ئەو ئێوارە کۆڕەبوو کەڕۆژی 16 / 2 / 2005 لقی هەولێری یەکێتی نوسەران بۆ سەرۆقادری ڕێکخست . من بەتەرکیز دەمەوێ تەنیا چەند خالێك بوروژێنم و قسەی لەسەر بکەم . سەرۆقادر پێی وایە دووره پەرێزی نوسەران لەنێوەندەکانی سیاسەت و بەڕێوە بردنی ولاّتدا سەرەنجام دەبێتە هۆی بێکاریگەریان و دروست کردنی بۆشاییەکی گەورە لەونێوەندانەدا ، وەك ئەوەی ئاگای لەوەنەبێ کەهەموو ئەو ڕۆشنبیرانەی سەرەنجام بڕیاردەدەن بێنە نێو نێوەندەکانی دەسەلاّت زیاتر بەمەبەست و بەدوای بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانەوە ن ، ئەگەر نا هەرخوادەزانێ سامی شۆڕشی وەزیری ڕۆشنبیری بەرلەو مێژووەی ئێستای چی نەوتووە و ئێستاش دوای ئەوەی دێتە نێو بازنەی دەسەڵات ، لە پێناو مسۆگەرکردن و قایمترکردنی پایەی کورسییەکەی دێ لە ستایشکردنی پارتی سەبارەت بەهەولێر دەنووسێ و دەڵێ : پارتی (دەزانن لەچ ڕۆژانێکی ڕەش و لەچ نووستنێکی قورس ئەوشارەیان ڕزگار کرد ) ، لە کاتێکدا وەك کاك سەرۆ دەڵێ کە هەموو ئەو ڕۆشنبیرانەی لە دەرەوەن هیچ کاریگەرییەکیان نەبێ و ئەوانەش کە لە ناو بازنەی دەسەلاّتدان بەم شێوەیە قسە بکەن ، جانازانم جیاوازی چییەلە نێوان نوسەرە دووره پەرێزەکان و ئەوانەش کەلەناوەوەی بازنەی دەسەلاّتدان. بۆیە من وای دەبینم حالەتەکە یەکە بە هەردووباردا . بۆئەوەی‌لەبابەتەکە دەرنەچم دێمە سەرقسەکانی عەزیزی مەلای ڕەش هەرچەندە مامۆستا عەزیز لەزۆربەی کۆڕەکاندا ئەگەر قسەی هەبێ چەند جوملەیەك هەیە بەردەوام چەندبارەیان دەکاتەوە، بەراستی جێی خۆیەتی مامۆستا عەزیز لێکۆڵینەوەیەکی وورد لەسەر بزوتنەوەی ڕوانگە بنووسێ و ئەولایەنە شاراوانە ئاشکرا بکات کەپێی وایە ئەو بزوتنەوەیە لەبەرامبەر بەیاننامە مێژووییەکەی 11 ئادار و بەدەست لەپشت دانی لایەنی گومان لێکراو دروست کراوە . جوملەیەکی تر کەزۆر گرنگە لەسەری بوەستین ئەو پرسیارەبوو کەعەزیزی مەلای ڕەش خستییە ڕوو و سەرۆقادریش تەئکیدی لەسەرکردەوەو کردیە پرسیاری کۆتایی کۆڕەکەی ، ئایا بەڕاست ئێمە ڕۆشنبیرمان هەن ؟، بۆئەمەشیان پێم خۆشە ئەم ڕستەیەی عومەر سەلەفی بێنمەوەو کەلە کۆڕەکەدا و لەبەرامبەر ئەوپرسیارەدا گوتی ئەگەر وایە ئێمە ڕۆشنبیرمان نینە ئەی ئەوانەی خەلاّت کران و دەکرێن لەبەرامبەر چیداو بۆچی خەلاّت دەکرێن ؟هەر لەبەرامبەر ئەو پرسیارەشدا پێم خۆشە ئەو پرسیارە بکەم کەبەڕاست کاك سەرۆ و دەیان نوسەرو ڕۆشنبیری دیکە کەلەنووسین و کۆڕو کۆبوونەوەکاندا تەنزیرات دەکەن و قسە لەسەر ڕۆشنبیر دەکەن ، ئەوان بەچ سیفەتێك قسەدەکەن و خۆیان لەکوێوەی ڕۆشنبیر دەبیننەوە ؟، بۆیە من پێم وایە نەبوونی دەوورو کاریگەری ڕۆشنبیر هێندە پەیوەندی بەدووره پەرێزیانەوە نییە هێندەی پەیوەندی بەکەسایەتی خودی نوسەران و ڕۆشنبیران خۆیانەوە هەیە.